# خۆپیشاندانی نارەزایەتی بەردەم سەفارەتی تورکیا لەلەندەن



ئەمڕۆ 2007/10/25 لەچوارچێوەی خۆپیشاندانەکانی ڕێکخراوی دەرەوەی وولاتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کەکراون یان دەکرێن و بانگەوازی ڕێکخراوی بەریتانیا، لەبەردەم سەفارەتی تورکیا لەلندەن خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی لافتەی گەورەی حزب و شیعارو پلاکارتی گەورەی "نا بۆشەرو داگیرکاری دەوڵەتی تورکیا"، نا بۆ لەشکرکێشی تورکیا " " نا بۆ شەڕو کوشتار بەڵێ بەڵێ بۆ جیابونەوەی کوردستان "، بەزمانەکانی ئینگلیزی و ووتنەوەی ئەم شیعارانە بە دەنگی بەرز کە سەرنجی ناوچەکەو سەفارەتی بۆخۆی ڕاکێشا بوو.

وەبەردەوام قسەوباس لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ بۆ لەبەردەم سەفارەتی تورکیا خۆپیشاندان دەکرێ، وەڕیسوا کردن و مەحکومکردنی سیاسەتی لەشکرکێشی تورکیاو ناوەڕۆکی سیاسەتێک کە دەوڵەتی تورکیا بەشوێنیەوەیەتی، دەکرا. ئەم قسانە بەردەوام لەلایەن دەشتی جمالەوە دەکران و هەروەها لەلایەن نادیە محمودەوە بەنوێنەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عێراق قسەوباس کراو سیاسەتی لەشکرکێشی و شەرخوازی تورکیای ڕیسوا کرد.

هەروەها چەندین نامەی نارەزایەتی دژ بەسیاسەتی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیالەم لایەنانەوە:
(Collation to Stop Deportations to Iraq، No Sweat، International Federation of Iraqi Refugees، Doug Holton for Stop deporting Chldren UK) کە نسخەیان بۆ ڕێکخراوی بەریتانیای ناردبوو وە نامەی نارەزایەتی (Karawane für die Rechte der Flüchtlinge und MigrantInnen/Kampagne gegen Abschiebungen in den Irak) بەزمانی ئەڵمانی و هەروەها نامەی نارەزایەتی ڕێکخراوی بەریتانیای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەلایەن نوری بەشیرەوە - لێپرساوی حزب لەبەریتانیا، کەئاراستەی سەفارەتی تورکیاکرابوون وە قەرار بوو بدرێن بە سەفارەت و نوێنەریان ببینرێن تەسلیمیان بکرێت، بەلام لە ترسی ئەو شیعارانەی کەگوێبیستی بوون ڕێگایان نەدا هەتا نامەکانیان تەسلیم بکرێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**ڕێکخراوی بەریتانیا**

---

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی لەگەڵ نوری بەشیر بگرن:

Mob: 0796 0669 896

Email: n.bashir3@ukonline.co.uk